مەهاباد قەرەداغی
کورتەچیرۆکی تەنز

# جێگری سەرۆک

(( بە پێی تێگەیشتنی من فەنتازیای مرۆڤ دەسەڵاتدارترە لە تەکنەلۆژیای هەموو جیهان. خەونەکان گرنگترن لە بیرەکان. ئەو فەنتازیایانەی کە ئێمە هەمانە بەرامبەر بە یەکتری شێوە دەدەنە دواڕۆژی خۆمان و زەوی. میتۆلۆژیاکان دەتوانن ئایدۆلۆژیاکان بکەن بە نەبوو، وێنەی خوداوەندەکان سیاسەت بژێننەوە. فەنتازیاکان دەتوانن نەک تەنها تاکەکان دروست بکەن، بەڵکە هەموو خەڵک بکەنە پاڵەوان یان درندە. وێنا و باوەڕە نوێیە داهێنراوەکان دەتوانن تاکەکان،ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە بگۆڕن. فەنتازیاکان دەتوانن ببنە سۆنگەی سەرکەوتن یان ژێرکەوتن، دەتوانن زەمینە بۆ ئاشتی خۆش بکەن یان شەڕ هەڵگیرسێنن. لە میتۆلۆژیادا سەرەداوەکانی چارەنووسی ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە هەیە، چ بە چاک چ بە خراپ. ))

پاول مۆکسنڈێس

***

( ئەم چیرۆکە تەنزئامێزە پێشکەشە بە د. شێرکۆ و ستاڤ بەرنامەی بەرنامە، دەکرێ بڵێم کاریگەری ئەوان بیری ئەم چیرۆکەی لام وروژاند. بۆیە هەر پێشکەش بەوانی دەکەم))

هەموویانم بەجێهێشت، پرشنگی گەشی ئەو خۆشەویستییانەی کە لەدەوروبەرمدا وەکو کانی قوڵپیان دەدا، ئەو نیگا شیرینانەی کە سەرسامانە تێیان دەڕوانیم و بە تەواوی هۆشم ئاگام لێیان بوو و، هەستم دەکرد من بۆ ئەوان گرنگم و دەیانەوێ بمکەن بە میدنای بالآی خۆیان، ئەو هاوڕێ و هاوکارانەی کە کردبوویانم بە ئاوێنە و چاویان لێدەکردم و بە تەواوی هەستم دەکرد لە مندا خۆیان دەبیننەوە.

هەموویانم بەجێهێشت، ئەو ئاوە سازگارەی کە لە کانی وەفا، کانی گوندە خنجیلانەکەی ماڵی باپیرم هێنرا بوو یەخچاڵەکەمی لێ پڕ کرابوو. دەتگووت ئاوی ژینە هێند سازگار و شیرینە. ئەو شنەبایەی کە لە نێوان شاخەکانەوە خۆیان دەکرد بە ژووری شاری دڵم و فێنک فێنکیان دەکردمەوە.

هەموویانم بەجێهێشت، دیمەن بەو هەموو چیمەنەوە، چاوئەنداز بەو هەموو ئەفسوون و ڕازەوەیی و نازەوە، ڕووبار بەو هەموو هاژەی ئازارەوە. دایکم، بەو هەموو زامە دێرین و برینە تازەوە.

هەموویانم بەجێهێشت، تەنانەت گوڵەبەڕۆژەکانیش، ئەوانەی لە جیاتی خۆر لە منیان دەڕوانی. سونبولەکانیش، کە چاوەڕوانی داسی بێر و ژێبیریم بوون مژدەی وەرزی دروێنەیان بۆ بێنێ. کارێزەکان، کە ئاوێکی ڕەشی زێڕینیان لێوە هەڵدەقولاَ و کە دەچوومە کەناریان دەیانگوت وەرە دەتوانی بمانکەی بە ئاوێنەی خۆت.

بۆ بەجێم هێشتن؟ چی دەبوو یاخیبووبام و نەهاتبام و، تا کۆتایی تەمەن دروێنەی سونبولەکانی هیوام کردبا و ئێستا لەناو ئەم مەراقەدا گێنگڵم نەدابا؟

بۆچی هاتم بۆ ناو ئەم سەروپێ خانەیە، تۆ تەماشا! ئەمە شارە یان مەنجەڵێکی گەورەی پڕ لە سەروپێی مرۆڤی پەل و پۆ بڕاو! سەرقاپی هەر بستە مەنجەڵێ هەڵدەدەیتەوە سەروپێی مرۆڤ دەتتۆقێنێ. خودایە بۆ وام کرد؟ چیم دابوو لەم کورسییە دزراو و داڕزاوەی پشتی ئەو کورسییە نەگریسە کە بە داری بەلاڵووک دروستکراوە و لە دارتاشخانەکەی گەڕەکی خۆمان دزراوە، ئەو دارتاشخانەیەی کە لانکەی بۆ ساوایان دروست دەکرد و مەخابن هێشتا لانکەکەی تەواو نەدەکرد، ساواکە بە ژەهر دەکوژرا. دارتاشەکەش بە دیار لانکە تەواونەکراوەکەوە دەکەوتە لاوانەوەیەکی ڕۆحهەژێن و دەیگووت:"لانکێکی بۆ دەنێرم دارەکەی بەلاڵووکە".

نەمدەزانی بزمارەکانی ئەم کورسییە هێندە تیژن و بەدەرەوەن، دەبێ چ دارتاشێکی نەزان دروستی کردبێت کە نەیتوانیووە جوان  و ڕێک چەکوشیان لێ بدات؟ ئەم بزمارانە بەم ڕۆژگارە بە لاقوون  و سمتەکانمدا دەچەقن و ژیانیان لێ کردووم بە زینهار. دەڵێی نینۆکی دەیناسووری ساوان. چ نینۆکبڕێک دەتوانێت ئەم نینۆکە بزمارینانە لە پەنجەکانی ئەم کورسییە بکاتەوە تا من تاوێ ئاسوودە لەسەری دابنیشم.

هێی هێی ئاسوودەیی، بەختەوەری، خۆشەویستی، ئێوە جاران وەک تریفە دەوری دەروونمتان دابوو، ئێستا بوونەتە تارمایی خەون و ناتانبینم. چۆن دەتوانم بتانبینم، بۆ من دەخەوم تا لە خەوندا بتانبینم؟ ئای بۆ سەرخەوێکی ئەو لاپاڵە چنوورپۆشەی کە بە مێردمنداڵیی کتێبەکەی قوتابخانەم لە بن هەنگڵم دەنا و دەچوومە خزمەتی. چەند زیندەخەون و  چەند خەونم دەدی. خەونم بە هەموو جوانییەکی دڵڕفێنەوە

دەدی. چەند سیحراویی و گیانهەژێن بوو دانیشتن لەسەر ئەو نەرمەچنوورانەی قەدپاڵ؟ ئاخ ئەزمڕ، داخ گۆیژە، خودایە ئەمە چارەنووسە یان هەڵبژاردەی خۆمە؟ تۆ بڵێی من خۆم ئەم کورسییە بزماراوییەم هەڵبژاردبێت و بە ئارەزووی خۆم هاتبمە ناو ئەم مەنجەنیقە؟

خودایە کێ ئەوەی بە من کرد؟ هێزی کام ڕەشەبای ئەفسووناوی ڕایماڵیم و هێنامییە ناو ئەم قابلەمەی پڕ لەکورسی و ئێسک و پرووسکە؟! بۆ هاتم بۆ؟ تۆ بڵێی ئەمە من بم؟ (خۆم)ە یا (من) ئەم پیاوەی کە لەسەر ئەم ئەسکەمبیلە دانراوە. نە لە من دەچێت و نە لە خۆم. نا ئیتر بە خۆمی نازانم و من لەگەڵی نادوێم، ئیدی من و ئەو جیایین، ئیدی پێی دەڵێم (ئەو).
بیرمە ژنێکی دراوسێمان زۆری ڕق لە مێردەکەی بوو، چونکە ڕۆژ نەبوو چێنێکی تێهەڵنەدا، قەت نەمبیستبوو ئەو ژنە ناوی مێردەکەی بهێنێ، هەر پێی دەگووت: ئەو. منیش وا دەکەم و، ئیدی بە خۆم دەڵێم ئەو. باشترین چارەسەر بۆ (من) ئەوەیە (خۆم) جیا بکەمەوە لە (ئەو) ی سەر کورسییەکە، تا بتوانم بە کامی دڵ ڕەخنەی لێبگرم. هەقی خۆمە ڕەخنەی لێ بگرم. ئەو دەیتوانی وا نەکات، ئەو نەیتوانی یاخی بێت و نەڕوات.

ئەو ئێستا لەسەر کورسی بزماراوی پشتی کورسییەکەی سەرۆک دانیشتووە و بەم ڕۆژگارە چاوەڕێی فرسەتێکە سەرۆک لە جێی خۆی ببزوێ ئەو (جێ)گەکەی ب(گر)ێ. ئەم سەرۆکە زۆر سەیرە، بۆ هین نەبێت لە جێی خۆی نابزوێت، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی کارەکەرە بەستەزمانەکە کورسییەکەی بۆ بسڕێت، دارتاشەکە دوو چەکوش لە بزمارە دەرکەوتووەکان بدات، خزمەتکارەکە کورسییەکە بگوێزێتەوە لای پەنجەرەکە و دیمەنی ئەو جووتە ڕووبارە ببینێت، نابزوێ نا، بۆ هین نەبێت نابزوێ!

چەند سەرۆکێکی سەیرە، (ئەو) چووزانێ یەکجاری بەم شێوەیەیە، خۆ ئەوان گوتیان وا نییە و ئەمیان لەویتریان ناچێت. گووتیان ئەمیان شنەبای دیموکراسی هێناویەتی، بەوە نییە کراسی شۆڕی ئاوریشمی پۆشیووە، گورج و گۆڵ و بزێوە و هەر کە بزووا تۆ لە جێگەی دادەنیشی و دەبیت بە سەرۆک. ئەوە شنەبا بوو یان تۆفان کە ئەم سەرۆکەی هێنا و سەپاند، بەم شێوەیە ئەویان خاپاند، بەم ڕۆژگارە لە دەرفەتێک

دەگەڕێت ئەرکی جێگرێتییەکەی ئەنجام بدات و لەسەر کورسییەکەی سەرۆک دابنیشێت. مەخابن، ناشێ ئەو خەونەی بێتە دی.

ئەم سەرۆکە زۆر عەنتیکە و عاجباتییە،جاران حەوت دیاردەی عەنتیکە و عەجایب لە دنیادا هەبوو، وا شوکر بوو بە هەشت. (ئەو) پێی وابوو هیچ نەبێت، هیچ نەبێت کە دەچێتە سەرئاو دەرفەتی ئەوەی دەبێت لە جێگەکەی دابنیشێت، بەڵام سەیر ئەوەیە ئەم بلیمەتە بۆ ئاودەستیش کورسییەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبات. دەڵێت لەبەر ئەوەی بڕبڕەی پشتم دێشێ و بە گەنجی لە شەڕەتفەنگێکدا لەگەڵ خێڵەکەی دراوسێمان ڕوویدا، فیشەکێک بەر بڕبڕەی پشتم کەوت و ئێستاش لەبەر ئەو ئازارە ژیانم لێ بووەتە زینهار و ناتوانم لە ئاودەستی سەر زەوی لەسەر چیچکان دانیشم و ناچارم کورسییەکە لەگەڵ خۆمدا ببەمە ئاودەست. تۆ تەماشای ئەم مەهزەلەیە بکە، هەموو شۆڕشگێڕێتییەکەی ئەو شەڕە بووە لەگەڵ خێڵەکەی دراوسێی لەسەر حوشترێکی تینووی بەستەزمانی خێڵەکەی ئەوان کە لە جۆگەلەی سەر سنووری خێڵەکەی ئەمان ئاوی خواردۆتەوە، کەچی کردیان بە سەرۆک و بەم ڕۆژگارە باس لە پاڵەوانێتییەکانی دەکەن. من نازانم ئەم نازناوی دکتۆرێتییەیان کوێڕا پێ بەخشی. دکتۆری چییە هی دان یان هی ژان؟

(ئەو) جارێک لەم ڕۆژانەدا زۆر دڵی خۆش بوو، چونکە (ئەم) بزووا و (ئەو) بە تەواوی هەستی کرد هەڵدەستێ و بوار دەدات تاوێ لەسەر کورسییەکە بحەسێتەوە. بەڵام ڕووداوەکە وا دەرنەچوو، تەنها باوبژێکی پانگخواردووی ناوزگی بە بادا دا و دووبارە قنج و قاییم لەسەر کورسییەکە دانیشتەوە. تۆ تەماشا، بزانە چۆن لە بەختی ئەو داب و نەریتی خێڵ خەریکە بگۆڕێ، خۆ لە نەریتی خێڵدا کەسێک بە ڕێکەوتیش بایەکی لێ بەربێتەوە حەیای حەوت پشتی دەچێت و سەری خۆی هەڵدەگرێت و لەو دەڤەرە نامێنێ، کەچی ئەم سەرۆکە پەیڕەوی ئەو نەریتە ناکات و زوو زوو لەسەر کورسییەکەی دەبزوێ و دوای ئەو بزوتنەوەیە یان دەنگێکی بۆمبائاسا، یان بۆنێکی ژەهرئاسا بەناو کۆشکی سەرۆکایەتیدا بڵاودەبێتەوە و، ئەندامانی کۆشک لە ترسا نە دەوێرن پێ بکەنن، نە گوێیان بگرن و نەش لووتیان بگرن. ئەو جارێکیان خۆی پێ نەگیرا و دایە پرمەی پێکەنین، کەچی سەرۆک پەنجەی هەڕەشەی لێ ڕاوەشاند و، لە ساتی پەنجە ڕاوەشاندنەکەدا وێنەیەکی دەگمەنی لە میدیاکانی جیهاندا بڵاوبووەوە و وەک پیاوێکی

هەرەجەسووری وڵات ناوی دەرکرد و گوتیان ئەوەتا هەڕەشە لە ناحەزانی وڵات دەکات و بڕیاری داوە تۆڕی تیرۆریستان تەفروتوونا بکات.

(ئەو) بە ئاواتەوە بوو یەک جار، تەنها یەک جار لە سەر ئەو کورسییە دابنیشێت و وەک سەرۆک لەبەردەم زوومی کامیرای تیڤییەکان بپەیڤێت و بچێتە ناو مێژووەوە و بڵێن ئەها ئەوە ڕۆڵەیەکی شاخستانیش بۆ چەند چرکەیەک بوو بە سەرۆکی وڵاتی نێوان دوو زێ. بەڵام (ئەم) دەرفەتی نەدەدا و، هەر کە کامیرا دەهات چاوێکی لە ئەو دادەگرت و دەینارد بۆ کارێ تا بە ڕێکەوتیش لە هەواڵە گرنگەکانی وڵاتدا دەرنەکەوێت و ئەو خەونەی نەیەتە دی. دەینارد بۆ کاری وا کە بە ئیشی (ئەو) نەدەشیا. دەینارد بچێت پەرداخێ ئاوی بۆ بێنێ، دەینارد مەسینەی بۆ پڕ بکات و ئامادەی بکات، دەینارد بچێت بە دوای کوڕە حەوت ساڵییەکەی لە قوتابخانە بیهێنێتەوە، دەینارد بۆ شتی وا کە لە بواری پسپۆڕێتی ئەو زۆر بەدوور بوو. ئەویش لە ناخی خۆیەوە پەست دەبوو کە کاری وای پێ دەسپێرێت، لە دڵی خۆیەوە دەیگووت: ئەم سەگبابە وا دەزانێ من خزمەتکاری بابیم، وا دەزانێت من شۆفێریم، خۆ بە بەرچاوی هەموو دنیاوە ڕێککەوتننامەی کارەکەممان وا مۆر کرد کە ئەم سەرۆک و من جێگر بم، کەچی ئەم سەرۆکە و هەرگیز جێگەکەی خاڵی ناکات تا من بیگرم. چش با هەر چاوی کامیرا نەمبینێ و لە تیڤی نەبینرێم، با لە سەردێڕی هەواڵە گرنگەکانی وڵات دەرنەچم، وڵاتی چی و تەڕەماشی چی، گوو بەو وڵاتەی کە گرنگترین هەواڵی هەر کوشت و بڕ و تەقینەوە و خۆتەقاندنە.

(ئەو) نەیزانی یەکجاری وایە، کە بەڵێننامەی کارەکەی مۆر کرد ڕێک لە تەنیشتی سەرۆکەوە وەستابوو، ئەو چووزانێ چاوی کامێرا هێندە کوێرە ئەو ڕووە گەشەی نابینێت و تەنها پشتی پیشان دەدات. کەس ڕووی نەبینی و هەزار سوێند بخوات کەس باوەڕ ناکات ئەو جێگرە و شۆفێر نییە، چونکە کەس ڕووی نەبینی. جوانترین بۆینباخی بۆ ئەو مەراسیمە بەست، قاتێکی نوێی بە دیاری هەر بۆ ئەو بۆنەیە لە هەندەرانەوە بۆ هاتبوو، یەکەم جاری بوو بیبەستێ. دواتر کە تەماشای تیڤی کرد و هەواڵەکەیان دووبارە کردەوە و پشتی سەری خۆی بینی لەبەردەم بلاجکتۆری کامیراکان دەبریقێتەوە، خوای نەما و هێندە تووڕە بوو نەفرەتی لە هاوەڵەکەی خۆی کرد کە بۆ ئەو سەروپێخانەیە نەڤ کرد و ئەم کاری جێگرێتییەی بەسەریدا سەپاند. هەزار جنێوی

به کامێراکانی کەناڵە نەگریسە شەڕانگێزەکان دا، کە نەک چاویان بەرایی نادا ڕووی خۆشی و چاوەگەشەکانی پیشان بدەن، بەڵکە ناوەکەشی بە هەڵە بڵاو دەکەنەوە و، وای بانگ دەکەن کە خۆی خۆی نەناسێتەوە.

کە تەماشای سەرۆک دەکات چۆن بسکەی سمێڵی دێت و دەست بە سمێڵە بۆیەکراوەکەیدا دێنێ و بە تەوسەوە تێی دەڕوانێت و تامی تامی پێ دەکات بۆ کورسییەکەی ژێری و بە گاڵتە خۆی دەبزوێنێ تا ئەو پێی وا بێت هەڵدەستێ، یەک دنیا ڕقی لێی هەڵدەستێت و لە دڵی خۆیەوە پێی دەڵێت:
– کە نەدی و بدییت، کە ئێسک قورس و لەخت گرانی، ئاخر تۆ کێیت؟ ئەوسا من سەرۆک بووم تۆ چی بوویت؟ بە قەد ئەندامەکانی خێڵەکەت کتێبم خوێندووەتەوە، بە قەد ژمارەی پەنجەکانی دەستت زمان دەزانم ، ئێستا تۆ تامی تامی بە من دەکەی؟ نەفرەت لە کورسییەکەت و ئەو کورسییەشم هەر نەویست. تۆ تەماشا، تەماشا، زمان لە دەمتدا نییە، بەم ڕۆژگارە وەک وەرگێڕ بەکارم دەبەیت و قسە هەلەق و مەلەقەکانت بۆ چاک دەکەمەوە و ئینجا وەریان دەگێڕم، من نەبم نامووس و حەیات دەچێت، تۆ بە فەلسەفە دەڵێی فەلفەسە، بە پۆلیتیک دەڵێی بۆلتیک، ئێستاش بە تەوسەوە لە من دەڕوانی و پێت وایە خزمەتکاری بابتم.
خوا خوای بوو دەوامی جێگرێتییەکەی تەواو بێت و بگەڕێتەوە ماڵی خۆی و ببێتەوە بە سەرۆکی ماڵەکەی خۆی. لە ڕێگەی گەڕانەوەش بەرەو ماڵەوە دەبووایە چەند سەگێکی پۆلیسی لەگەڵدا بێت و لە پەلامار بیپارێزێت.
ئەم تیرۆریستانەش سەیرن، وا دەزانن (ئەو)ی بەستەزمان زۆری بەدەستە هەوڵی کوشتنی دەدەن، ئەو تیرۆریستانە بە کەر ناوێرن بە کورتان شێرن، دەنا ئەوی بەستەزمان لە مەحمووی بێ زەواڵ بێ مزەڕەتترە، ئەوە کوشتنیشیان چی دەگۆڕێ، خۆ ئەو هیچی بەدەستەوە نییە و کورسییەکەی جێگریش ئەوەی بایەخ بێت نییەتی. هەندێ جار گومان دەکات سەرۆک خۆی هانی مافیاکانی نەدابێت لەناوی بەرن، هیچ دوور نییە هیچ. گوێی شەیتان کەڕ بێت، مەخابنە لە سەر هیچ و بە خۆڕایی گیانی شیرین بدەی بەوان و لە وڵاتێکی تر، وڵاتێکی نامۆ بە گیان و دڵ سەر بنێیتەوە.

ئاخ ئەزمڕ، داخ گۆیژە چەند بیرتان دەکەم. (ئەو) نەبووایە (خۆم) دەهاتمەوە ئامێزتان و هەتاهەتایە بە دەنگی شنەبای لایەلایەتان دەبوژامەوە و دەحاسەمەوە. چیم دابوو

لەم جێگرێتییەی کە جێگەی پێ لەق کردم و لە ناوەندەوە هەڵی دامە پەراوێز و لەم پەراوێزەدا خەریکە دڵم دەتۆقێت. کەس گوێم لێ ناگرێت و کەس نامبینێت. هێی هێی بۆ ئەو دەمەی کە خۆم کەسی یەکەم بووم. ئێستا جاروبار سەرۆک لەم پەراوێزە دەڕوانێ و بە تەوسەوە تیلەیەکی چاوم تێدەگرێت ، منیش بەخۆم نییە گۆرانییەکەی "ئەرێ بە بانانەوە"م بیر دەکەوێتەوە و لە دڵی خۆمەوە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکە دەڵێمەوە، بەڵام گۆرانییەکەم گۆڕیووە و لەگەڵ ئەم نەهامەتییەی خۆمدا گونجاندوومە:

ئەرێ بە بانانەوە، گیانە بە بانانەوە
ئەرێ هەزاری وەک تۆ لە من دەپاڕانەوە
ئێستا تۆ بوویتە سەرۆک، من ڕازیم بە جێگریی
لێشت دەپاڕێمەوە، هەر ڕێزم لێ ناگری
ئەرێ شەمامە و خەڵخاڵ...

کە لە دڵی خۆمەوە ئەم شیوەنە بۆ خۆم دەکەم، سەرۆک وەک ئەوەی بزانێت چی لە دەروونم دەگوزەرێ بە تەوسەوە لە جیاتی ئەوەی بە ناوی خۆمەوە بانگم بکات و ڕێزم لێ بگرێت، پێم دەڵێ (ولەک نائیب). منیش لە دڵی خۆمەوە پێی دەڵێم: ژەهری مار، دەرد و ژان، باوکت نائیبە سەگباب.
هەرچی دەکەم باوەڕ ناکەم من نائیب بم و ئەو سەرۆک. هەرچی دەکەم سەیرم دێ و تێناگەم بۆچی پێم وابوو نائیب لە سەرۆک باشترە و دەستم لەمیان هەڵگرت بۆ ئەویان. ئۆهۆ ئەوە کەی من بووم وام کرد، ئەی من جیانەبوومەوە لەو، ئەوە من نەبووم وام کرد ئەوە ئەو بوو. خەڵکینە باوەڕ بکەن ئەو بوو، ئەو.
...
2004/08/10
ستۆکهۆڵم
...